# کەرکووک . . . دەروازەیەک بۆ سەقامگیریی لە عێراقدا . .

**نامق هەورامی**

لەسەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی ئازادیخوازی گەلی کوردەوە لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ وە کە بە شۆڕشی ئەیلول ناسراوە و تەواوی ئەو دانوستانانەی بە درێژایی ئەو قۆناغە کراون لەسەر مەسەلەی کەرکووک بوون و ئەو شارە خاڵی گەوهەری خواستی گەلی کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی بووە و هەمیشە پێگیری سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو شارە وای کردووە کە زۆرینەی هەرە زۆری گفتوکۆگان بگەنە بنبەست ئەویش لە ئاکامی سازش نەکردنی کوردەوە بووە لەسەر ئەو مەسەلەیە، خۆ ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد و بارزانی نەمر لە ڕێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دا رازیبونایە لەسەر نیوەی شاری کەرکووک بێگومان دۆخەکە بەجۆرێکی دیکە دەکەوتەوە و ئەمڕۆ ئەمبگرە و بەردەیەی دەستور و مەسەلەی ماددەی ٥٨ نە دەبوویە خواستی سەرەکی کورد، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و خودی بارزانی نەمر لەپێناو کەرکووکدا شۆڕشێکی کردە قوربانی ئیدی پاش چەندین ساڵ نوشست و هەستانەوە ئەمڕۆ ناکرێت مەسەلەی گرنگی ئەو شارە وەلاوە بنرێت و هەڵگیرێت بۆ دوای نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی چونکە یەکێک لە خاڵەکانی دەستور ئەوەیە کاتێک باسی پێکهاتەی عێراق دەکرێت دەبێت ئاماژە بە هەرێمی فیدراڵی کوردستان بدرێت و سنوورەکەی دیاری بکرێت، خۆ ئەگەر مەسەلەی کەرکووک یەکلایی نەکرێتەوە بێگومان ئەو ناوچانە لە دەستووردا نانوسرێن و لە پاش واژۆکردن لەسەر دەستوورەکە و دەنگدان لەسەری ئەوا وەک بەڵگەنامەیەک لە دژمان بەکار دەهێنرێت و دەگوترێت ئەوە دەستووری واژوو لەسەرکراوە و مەسەلەی کەرکووکی تێدا نییە.

بۆیە لەم قۆناغەدا نابێت ئەو هەڵەیە و ئەو فرسەتانە بەسەرماندا بگوزەرێت و ئەو مەسەلەیە فەراموش بکرێت و بەلای سەرکردایەتی سیاسی کورد و خودی سەرۆک بارزانییەوە ئەوە هێڵی سوورە و هیچ مساوەمەیەکی لەسەر ناکرێت.

ئەگەرچی نەدەبوو لەکاتی نووسینەوەی «Tal» دا ڕێگا بدەین باس لە مەسەلەی کەرکووک بکرێت چونکە گومانی تێدا نییە ئەو شارە بەشێکە لە کوردستان و گفتوگۆ هەڵناگرێت، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ ئەوەی مەسەلەکان لە ڕێگەی یاساوە چارەسەر بکرێن ئەو بڕگە و ماددانەی کە پەیوەستن بە

کەرکووکەوە قبوڵکرد یان پێشنیارکرد.
ئەمڕۆ بەڕای زۆربەی ئاگایانی بواری سیاسەت و شارەزایان لە بواری کاروباری عێراقدا پێیان وایە گەمەکە لە بەرژەوەندی کوردایە بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ پێشهات و خواستەکانی کوردا بکەین و بەهیچ جۆرێک مساوەمەی لەسەر نەکەین.
لەوەش گرنگتر هیچ نیاز پاکییەک لە حکوومەتی عێراق بەدی ناکرێت لەو بارەیەوە و لەملاوە لەولا لێدوانی جۆراوجۆر دەدرێت لەسەر کەرکووک و سەرەتای ئەم نیازانە لە سوێند خواردنی کابینەکەی «ئەلجەعفەری»یەوە سەرچاوەی گرت و پاشتر لەسەر پێگیری سەرۆک بارزانی سوێند خواردنەکە دووبارە کرایەوە.
خاڵێکی تر مایەی سەرنج و لێوردبوونەوەیە ئەویش مەسەلەی ئەم دواییانەی داواکاری عەرەبە هاوردەکانە لە کەرکووک بۆ گەڕاندنەوە و قەرەبوو کردنەوەیان.
ئەگەر ئەمە نیاز پاکی تێدابێت هەنگاوێکی پیرۆزە و خۆ ئەوە لە مێژە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان داوای دەکات و هەق وایە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێت چونکە ئەوە خودی هاوردەکانن داوای گەڕانەوە دەکەن و با بە هەموولایەکمانەوە و لەسەروی هەمووشیانەوە حکوومەتەکەی ئەلجەعفەری کە ئەرکی جێبەجێکردنی ماددەی «٥٨» لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی لە ئەستۆیە و هەق وایە داوابکرێت ئەوا خودی هاوردەکان داوای گەڕانەوە دەکەن با بە هەموو لایەکمانەوە هاوکاریان بکەین و خۆی لە خۆیدا چەسپاندنی ئەو ماددەیە هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە.
خۆ ئەگەر ئەمە جۆرێک لە گەمەی کات و فێڵی خۆ دزینەوە بێت، ئەوا پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد و بەتایبەت لیستی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراقدا و بەڕێزان لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا بە ئاگابن و ئەو شتانەی لە «Tal» دا بەسەریاندا تێپەڕین دووبارە نەبنەوە و پێگیری لەسەر ئەوە بکرێت دواخستنی مەسەلەی کەرکووک بۆ دوای نووسینەوەی دەستوور واتە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەیەکی تر داو کردنی شەڕێکی تر کە ئێستا ئێمە لە گۆڕەپانەکەدا هێرشبەروو دواتر دەبینە بەرگریکەرێکی کات بەدەستەوە نەماو.

namqhawramy@hotmail.com